# ئایا تۆ وەها هەست دەکەیت کە ...

## گۆشەگیریت؟

## دڵنیا نیت سەبارەت بە مافەکانت لەسەر کار؟

## حەزت بە یارمەتی دانە بۆ فێربوونی ئینگلیزی؟

## ئوسداو (Usdaw) دەتوانێت یارمەتیت بدات - ئێمە سەندیکای کرێکارانی تۆین.

Usdaw

Union of Shop, Distributive and Allied Workers

## ئابونەی بەشداری

ئابوونەی ئەندامێتی ئوسداو یەکێکە لە نزمترین ئابونەکان لە بزووتنەوەی سەندیکای کرێکاراندا، کە زنجیرەیەک سوودمەندی پلە یەک و خزمەتگوزاری پیشەوەرانە فەراهەم دەکەن بۆ تەنها چەند پێنییەک لە ڕۆژێکدا.

## بۆ زانیاری زیاتر یاخود بۆ بوون بە ئەندام لە ئوسدا:

- پەیوەندی بە نوێنەری ئوسداوە بکە لەلای خۆت
- پەیوەندی بە فەرمانگەی خۆجێی ئوسداوە بکە لە ناوچەکەت
  **0800 030 80 30**
- سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە
  **www.usdaw.org.uk**

زانیارییەکانی ناو ئەم بڵاڤۆکە لە ڕێکەوتی بە چاپ گەیاندنیدا ڕاست و دروست بووە - جوڵای (تەمووز) 2017.

**شەش هۆکاری گرنگ کە بۆچی دەبێت پەیوەندی بە ئوسداوە بکەیت - سەندیکای کرێکارانی خۆت**

**Kurdish Sorani**


لەلایەن ئوسداوە Usdaw بڵاو کراوەتەوە
Wilmslow Road 188
Manchester M14 6LJ


Usdaw

Union of Shop, Distributive and Allied Workers

# شەش هۆکاری گرنگ کە بۆچی دەبێت پەیوەندی بە ئوسداوە بکەیت ...

1. ئێمە یارمەتی ئەندامەکانمان دەدەین کە بزانن مافی خۆیان چییە لەسەر کار.
بۆ نمونە، ئایا زانیوتە کە تۆ مافت هەیە بۆ:

- لانی کەمترینی کرێ بۆ کەسانی گەورە. ئەوە هەمووسالێک بەرزتر دەبێتەوە و لە 1 ئەپریڵ (نیسان) 2017 ـەوە بەم شێوەیەیە:

7.50 پاوەن بۆ کاتژمێرێک بۆ کەسانی تەمەن 25 و بەرەوژوور

7.05 پاوەن بۆ کاتژمێرێک بۆ کەسانی تەمەن 21-24

5.60 پاوەن بۆ کاتژمێرێک بۆ کەسانی تەمەن 18-20

4.05 پاوەن بۆ کاتژمێرێک بۆ کەسانی تەمەن 16-17

- 28 ڕۆژ پشوو (هۆلیدەی) بە کرێوە لە ساڵێکدا (بۆ کەسێک کە 5 ڕۆژ لە هەفتەدا کار بکات).

- 11 کاتژمێر حەوانەوە لە شەو و ڕۆژێکدا.

- زۆربەی هەرە زۆری کرێکاران شیاوی کرێی کاتی نەخۆشین دوای نەخۆش بوون بۆ ماوەی سێ ڕۆژ.

2. ئێمە کێشەی ئەندامەکانمان دەگەیەنینە بەشی کارگێری و نوێنەرایەتی ئێوە دەکەین لە دانیشتنی جڵەوگیریدا.

3. ئێمە ڕێنمایی یاسایی خۆڕایی و نوێنەرایەتی کردن بۆ ئەندامەکانمان فەراهەم دەکەین لەکاتی ڕوودانیکارەسات لەسەر کار، دەرکرانی ناڕەوا و هەڵاواردندا.

4. ئێمە دەتوانین یارمەتی ئەندامەکانمان بدەین کە دەستیان بە ڕاهێنانی بێ بەرانبەر و زنجیرەیەک بابەت ڕا بگات لەوانە ئینگلیزی، ماتماتیک و کارامەییەکانی کۆمپیوتەر.

5. ئێمە هەڵمەت بەرپا دەکەین لەدژی نەژادپەرستی و هانی مامەڵەی یەکسان دەدەین بۆ هەموو کرێکاران.

6. ئێمە خەبات دەکەین بۆ باشترکردنی کرێ و ژیانی ئەندامەکانمان لەسەر کار.

- هەموو کەس دەتوانێت بچێتە ڕیزی سەندیکای کرێکارانەوە.
- تۆ مافی یاسایی خۆتە کە بچیتە ڕیزی سەندیکای کرێکارانەوە.
- پێویست ناکات بە خاوەنکارەکەت بڵێیت کە تۆ ئەندامی سەندیکای کرێکارانیت.
- ئەوە کارێکی نایاساییە بۆ هەر کەس کە هەڵاواردنت لەدژ ئەنجام بدات لەسەر ئەوەی کە تۆ ئەندامی سەندیکای کرێکارانیت.